# بەرەو خۆپیشاندانی گشتی دژی بڕیاری لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لە عیراق

پێدەچێت، ئەنجوومەنی هەڵبژاردن لە عیراق بەشێوەیەکی ملهوڕانە، هیچ بایەخ بە داخوازی ڕەوای ڕای گشتی کوردستان و سەرجەمی حیزبەکان نادەن و لە ئێستاوە، ڕایانگەیاندووە کە دانیشتوانی شارەکانی(خانەقین، کەرکوک، شنگار، توزخورماتو، کفری، جەلەولا، مەندەلی، شێخان، بەحزان، بەعشیقە، تلکێف، شێخان و شار و شاروچکەکانی تر) لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بێ بەش دەکرێن.
واتە، لە ئێستاوە، دوور لە هەر پرنسیپێکی سەرەتایی ئەزموونی دیموکراسی، هەڵویستی کەمپینەکەمان لە10.28، بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی دوکان و هەڵویستەکەی ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی، ئازاد جندیانی وهەڵویستی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەبارەی جێبەجێکردنی بڕیاری 58، پێشێل دەکەن.
ئێمە لێرەدا بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین، بە یەکدەنگ، داوای ئەوە بکەن، پێش هەڵبژاردن، بڕیاری 58 جێبەجێ بکەرێ، بە پێچەوانەوە، بۆیکۆت کردنی هەڵبژاردنەکە دەبێتە ئەرکێکی نیشتیمانی هەر هاووەڵاتییەك.

قسەکەری کەمپینی بەرگری لە ناوچەی سوور
د. ئەرخەوان کەریم ڕەووف

2004/12/12